مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق- ئێران

هاوڕێ ئازیزم ئازەر و منالەکانی و بنەماڵەی هاوڕێ ژوبین

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیان لە دەستدانی بیرمەند و مارکسیستی گەورەی جیهانمان پێگەیشت.

ئەم هەواڵە لە ناخی دڵەوە نیگەرانی کردین, بە ڕاستی خەسارەتێکی زۆر گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری خەڵکی ئازادیخوازی جیهان و بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بۆ منداڵان و بۆ سەرجەم ئەو ئینسانانەی کەدڵیان بۆ دنیایەکی باشتر لێ دەدات.

هاوڕێ منصور لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا توانی بە پێنووسە تیژەکەی مارکسیزم لە ڕووی تیور و پراتیکەوە دەوڵەمەند بکات و وەڵام بە سەرجەم کێشە ئاڵۆزەکانی دنیای هاوچەرخی سەرمایەداری بداتەوە, لە ترسی ئەو قەڵەمە تیژەی هاوڕێ ژوبین هیچ قولە نۆکەرێکی بۆرژوازی نەیئەتوانی ململانێی بیر و بۆچوونەکانی بکات.

ئەوەی کە دەست مایەی خۆشیمانە بۆ ئایندەی سیاسیمان ئەو شاکارە ئەدەبیانەیە کە وەك میرات بۆ ئێمەی بە جێ هێشت.

ئێمە بەڵێن تازە ئەکەینەوە کە لە جاران زۆر جدی تر و زۆر چالاکانە تر دێینە مەیدانی خەبات تا سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری.................

بژی هاو ڕێ منصور

بڕوخێ دنیای سەرمایە

عباس علی قادر

بەرزان فرج امین

باوکی هەژیر

هاوڕێ ئیقباڵ

علی بێکاران

٢٠٠٢/٧/٨